پەیامەکانی بەرەو بەهەشت زنجیرە (٩٢)

باڵاپۆشی و تەبەڕوج و تەغریب

ئامادەکرنی

باوکی چیای خولەکان

هەولێر

٢٠١٨ز ١٤٣٩ك

ناسنامەی کتێب

ناوی کتێب: بالاپۆشی و تەبەڕوج و تەغریب

زنجیرە: (٩٢)

ئامادەکردنی: باوکی چیای خولەکان

ئۆرەی چاپ: چاپی دووەم

تیراژ:١٠٠٠ دانە

چاپخانە: چاپخانەی هێڤی

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارە سپاردنی (٦٣٠)ی
سالی (٢٠١٦)ی دراوەتێ

وقال صلى الله عليه وسلم (**ماتركت بعدي فتنة اشد على الرجال من النساء**) **متفق عليه**.

بۆیە ئەو ئافرەتەی دینی لەدەست داوە گەورەترین فتنە دروست دەکات لەسەر پیاوان و دوایی تێك چوونی شیرازەی خێزان و ئوممەت و کۆمەلگا.

شاعیر دەڵێ:

((حیجاب تاجە بۆ سەری هەموو کەسێ ناشێ
ئالای دەوڵەتی ڕەوشتە نەك پارچە قوماشێ))

ئافرەتی ئیماندار ئەگەر دەتەوێ لەدونیا بارانی رەحمەت بێ و لە قیامەتیش بەهەشت و رەزامەندی خودا بەدەست بهێنی ئەوا حیجاب بپۆشە، چونکە حیجاب عیبادەتە وەکو نوێژ و ڕۆژو عیبادەتن، خوای میهرەبان واجیبی کردووە دەفەرموێ:

﴿ وَقُل لِّلْمُؤْمِنَٰتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَٰرِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا ۖ وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ ۖ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ ءَابَآئِهِنَّ أَوْ ءَابَآءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَآئِهِنَّ أَوْ أَبْنَآءِ بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَٰنِهِنَّ أَوْ بَنِىٓ إِخْوَٰنِهِنَّ أَوْ بَنِىٓ أَخَوَٰتِهِنَّ أَوْ نِسَآئِهِنَّ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُهُنَّ أَوِ ٱلتَّٰبِعِينَ غَيْرِ أُو۟لِى ٱلْإِرْبَةِ مِنَ ٱلرِّجَالِ أَوِ ٱلطِّفْلِ ٱلَّذِينَ

بالاّ پۆشی (حجاب)

الحمد لله رب العالمين ،والصلاة والسلام على خاتم الانبياء والمرسلين وعلى اله وصحبه اجمعين.

سەرەتا دەبێت ئەوە باش بزانین پۆشاكی هەرەگرنگی ئافرەت پیاوەكەیەتی، قال تعالى ﴿هُنَّ لِبَاسٌ لَّكُمْ وَأَنتُمْ لِبَاسٌ لَّهُنَّ﴾ البقرة: ١٨٧.

لەهەمان كاتدا قەلآی گەورەی ئافرەت پیاوەكەیەتی، ئەگەر ئافرەت بێ پیاو مایەوە مەرجی زۆری دانا لەمێرد كردن‌و شوی نەكرد ئەوە بزانە بێ بەرگ‌و پۆشاكە.

ئافرەت رۆڵی شكۆی هەیە، ئوممەت ناتوانێ رۆڵ ببینێ بەبێ تۆی ئافرەت چونكە نیوەی ئوممەتی، ئومەتیش دەهێنێتە بەرهەم بەلەدایك بوون‌و بێ گومان سەدان كەڵە پیاوی ئەم ئیسلامە هەر ئافرەت هێناوینە مەیدان.

بۆیە كاتێ جولەكەو خاچ پەرستەكان‌و بی باوەڕان هەستیان بەم شكۆو قەلا پۆلاینەكرد كەتۆی ئافرەتی‌و چەندە كاریگەریت لەسەر كۆمەڵ هەیە هەوڵیاندا لەم قەلایە دەرتبێنن‌و پۆشاكت لەبەرداكەنن حیجابت لەسەر فڕێ دەن‌و پاشان لادانی شەرم وشەرف خودا بیپارێزێ.

بۆیە پێغەمبەر (ﷺ) ئاگاداری توند دەدات‌و دەفەرمووێ (أن الدنيا حلوة خضرة وان الله مستخلفكم فيها فينظر كيف تعلمون، فاتقوا الدنيا واتقوا النساء، فان أول فتنة بني اسرائيل كانت في النساء) مسلم.

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی

پشت بەخودای میهرەبان کە ئێمە چەند ساڵێك بووزنجیرەی بەرەو بەهەشتمان بڵادەکردەوە، چەند خوێنەرێکی قەدرگران داوایان کرد ئەم بڵاوکراوانە کۆبکرێتەوە لەچەند کتێبێکداو چاپ بکرێ، جائێمەش بەناوی خودای گەورە هەڵساین بە کۆکردنەوەی چەند ژمارەیەك (کۆن‌و نوێ)ی زنجیرەکانی بەرەو بەهەشت لەدوو توێی نامیلکەیەك بەناوی چەند پەیامێکی بەرەو بەهەشت و دووبارە زنجیرە بۆ دانانەوەی ، بێگومان تەنهاو تەنها کتێبی خودا بێ هەڵەیەو چاوپۆشی بکەن لەهەڵەکانم دوعام بۆ بکەن خودا لێمی قبول کردبێ، لەکۆتایی لە خودای بالا دەست دەپارێمەوە ئەمانەش بەشداری پێ بکات لە ئەجرو پاداشتەکەی، ئەوان دایك‌و باوکم‌و مامۆستاکانم‌و خێزانە باشەکەم‌و مامۆستایانی خولەکانمان بەتایبەتی باوکی (عبدالله)ی عابید و هەموو هاوکاران‌و یارمەتی دەرانم.

هۆگر قاسم

باوکی چیای خولەکان

٢٠١٨

لَمْ يَظْهَرُوا عَلَىٰ عَوْرَاتِ النِّسَاءِ ۖ وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِن زِينَتِهِنَّ ۚ وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿٣١﴾ النور: ٣١

واتــە: ئــەی محمــد ﷺ بــە ئــافرەتی ئیمانــدار بڵــێ چــاویان بپارێزن...لەتەماشای بێگانە...داوێنی خۆیان بپارێزن لەگوناهو جوانی خۆیان دەرنەخەن جگە لەوەی کە دیارە -دەمو چاوو دەست- با سەرپۆشەکانیان بدەن بەسەر سینەو ملیان دا جوانیو زینەتی خۆیان دەرنەخەن بەتەواوی بۆ هاوسەرەکانیان نەبێ، یان باوکی خۆیان، باوکی مێردەکانیان، یا کوڕی خۆیان، یا براکانی خۆیان، یا برازاکانیان، یا خوشکەکانیان، یا ئافرەتێك کە پەیوەندیان هەیە بەیەکەوە، یا ئەوانەن کە کەنیزەکانیانن یا ئەوانەی کە لەماڵەکانیان دەژین و پێویستیان بە ئافرەت نیە (لەبەر پیری یان نەخۆشی...) یا خود ئەو منداڵانەی کە هێشتا شارەزاییان لەئافرەت نییە، نابێ ئافرەتانی ئیماندار قاچیان دەربخەن و پێیان بدەن لەزەویدا (تا دەنگی زێڕو پاوانەکانیان بێ) بزانرێ کە زینەدارو زێڕدارن کەواتە هەمووتان ئەی ئیمانداران بەرەو لای خواو بەدەست هێنانی رەزامەندی خوا بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی رزگارو سەرفراز بن...

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ:: " صنفان من أهل النار لم أرهما بعد : رجال معهم سياط كأذناب البقر يضربون بها الناس ، ونساء كاسيات عاريات

مائلات مميلات على رؤوسهن كأسنمة البخت المائلة ، لا يدخلن الجنة ولا يجدن ريحها ، وإن ريحها ليوجد من مسيرة كذا وكذا " رواه أحمد ومسلم في الصحيح

واتە: دوو کۆمەڵ هەن لەئاگرن من نەمبینیون کۆمەڵە کەسانێك قامچیان پێیە وەك کلکی چێڵ پیّ لەخەڵکی دەدەن، کۆمەڵی دووەم کۆمەڵە ئافرەتانێکن کە رووتن‌و داپۆشراون واتە پۆشتەن‌و پۆشاکیان لەبەردایە بەڵام لەراستیدا رووتن، چونکە جل‌و پۆشاکێکی وایان لەبەر دایە کە تەنکەو لاشەی لەدەرەوەیەو بەلارو لەنجە دەڕۆن بەرێگادا سەرنجی خەڵکی بۆ خۆیان رادەکێشن وەسەری خۆیان وەکو پشتی وشتر لیّ دەکەن ئەم دوو کۆمەڵەیە ناچنە بەهەشتەوەو بۆنیشی ناکەن هەر چەندە بۆنی بەهەشت ئەوەندە ئەوەندە دەروات.

خوشکی پاکم پاش هەرەس هێنانی کوفر بەرامبەر موسڵمانان لەهەموو جەنگەکاندا ئەم جارە جەنگێکی تریان دەست پیّ کردووە ئەویش جەنگی حیجابە!!!هەموو هۆکارو ئامانجێکیان خستۆتە کار بۆ لەناوبردنی حیجاب یا گۆڕینی بەشێوەیەکی –وەکو خۆیان دەڵێن– مۆدێرن لەتەسکی‌و کورتی‌و تەنکی دا، ئەم جەنگەش دەستی پێکردووە، وەکو (غولاندی سۆلی) خاچ پەرست دەڵیّ (حاڵی رۆژهەلات رێك ناکرێتەوە ئەگەر ئەو چەفیەی بەسەری ئافرەتانەوەیە لیّ نەکرێتەوەو قورئانی پیّ دانەپۆشری).

خوشکی ئیماندارم چۆن قبوڵ دەکەی لەم جەنگەدا تۆ سەر بازێکی ترسنۆك بیت یا تۆ دەروازەی شکستی ئەم جەنگە بیت لەرێگای فریّ

دانی حیجابەکەت دوژمن سەربکەوێت بەسەر ئۆمەتی ئیسلامیو پارچە پارچە کردنی ریزی موسڵمانان، خوشکە بەڕێزەکەم لەم رووبەڕووبوونەوەدا سەربکەوەو هیمەت بەرز بە ئازایانە هاواربکەو بڵێ (حیجابی من عیبادەتە).

بێ گومان کچ ئەگەر بالآ پۆشی خۆی پارێزگاری لێ کرد ئەوا کوڕ ئاواتە خوازی دەبێو پەلەی هێنانی دەکات چونکە سەرتاپای ئەم کچە شەرمو حیشمەتو رێزو پایەدارییە.

کچی سفوریش تاوانبارە ، لەسەر ئافرەتە ببێتە مسۆگەری پاراستنی داوێنی پیاوان نەك هۆیەك بێ بۆ رووخاندنی چونکە لەباری دایە بیپارێزێ بەهۆی بالأپۆشیەکەی.

ئەگەر دوژمنان لەم جەنگەدا شکستیان خوارد ئەوا کۆتا چەکیان بەکاردێنن ئەویش گۆڕانکاری کردنە لەحیجابی موسڵمانان (واتە بەمۆدیرکردنی) بۆ ئەوەی لەم گۆڕانکاریەش شکستیان پێ بهێنین ، با بە پێی بەڵگە لەقورئانو فەرمودە مەرجە سەرەکیەکانی حیجاب بناسین.

مەرجی سێیەم:
نابێ بە پۆشاکی پیاوان بچێت یان بەبەرگی ئافرەتانی کافر بچێت.

نابێ ئافرەت پۆشاکێ لەبەر بکات کە لەعورفو عادەتی ئەم کۆمەڵگەیە بە پۆشاکی پیاو ناسرابێت، بۆنموونە پانتۆڵو کابۆو..هتد

لەم بارەیەوە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی : (**ليس منا من تشبه بالرجال من النساء، ولا من تشبه بالنساء من الرجال**) (**احمد في صحيحه**) واتە: ئەو ژنانەی وەك پیاو خۆیان دەنوێنن، ئەو پیاوانەی وەك ژن خۆیان دەنوێنن لەئێمە نین.

مەبەستەکە فراوانترە بە جلو بەرگو هەموو لێکچواندنێك قەدەغە کراوە، هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ (**لعن رسول الله** (ﷺ) **الرجل يلبس لبسة المرأة، والمرأة تلبس لبسة الرجل**).

واتە: پێغەمبەر (ﷺ) لەعنەت و نەفرەت و دوور لەرەحمی خودا — لەو پیاوەی جلی ئافرەت لەبەر دەکاتو لەو ئافرەتەش جلی پیاو لەبەر دەکات.

بەلأم زانایان دەفەرموون ئاساییە پانتۆڵ لەبن پۆشاك لەبەر بکرێ چونکە حیجابەکە پانتۆڵەکە داشارێتەوەو دروستەو کاریگەری نییە، بەلأم ئەگەر بەدیارکەوت واتە کەوتە سەرەوە بێ گومان حەرامە چونکە هەم جلی پیاوانە هەم جلی ئافرەتانی بێ باوەڕە.

مەرجی دووەم
تەنك نەبوون:

دەبێ ئەم پۆشاکەی ئافرەت لای نامەحرەمدا لەبەری دەکات تەنك نەبێ بەم جۆرەی کە ئەندامی لاشەی لەژێرا دیار بێت یان پارچەی ژێرەوە دیکە دیار بکەوێ.

پێغەمبەری خوا ﷺ لەم بارەیەوە هەواڵی داوە و فەرمویەتی دوو دەستە لەئوممەتی من هەن نەمدیون: دەستەیەکیان ژنانێکن کە (کاسیات عاریات) واتە پۆشتەن‌و رووتن بەو واتایەی جلیان لەبەردایە بەڵام رووتن لەناو پۆشتەن لەو پۆشاکەکەی تەنکە و ژێرەوەی دیارە.

بوکێك برایە لای دایکە عائیشە (خودا لێیان رازی بێ)، لەچکێکی تەنکی بەسەر درابوو کە پرچی دیار بوو، دایکە عائیشە (خودا لێی رازی بێ) فەرمووی: (**لم تؤمن بسورة النور إمرأة تلبس هذا**) واتە: ئەو کەسەی ئەم جۆرە لەچکە لەبەربکات بروای بە سورەتی نور نیە.

هەروەها چەند ژنێك چوونە لای دایکە عائیشە (خودا لێیان رازی بێ) جل‌و بەرگی تەنکیان لەبەر دابوو، دایکە عائیشە فەرمووی: (**إن كنتن مؤمنات فليس هذا بثياب المؤمنات**) واتە: ئەگەر ئێوە باوەڕدارن، ئەهلی ئیمانن، ئەمە پۆشاکی ژنی بڕوادار نی یە.

مەرجی یەکەم:

ئەبێ ئەو جلەی لەبەری دەکات هەموو جەستەی داپۆشێ:

دەبێ ئەم پۆشاکە هەموو جەستەی داپۆشێ جگە لەو شوێنانەی کە خوای گەورە بۆی دیاری کردووە لەئایەتی (٣١) سورەتی النور ئەفەرموێ: ﴿وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا﴾ واتە: با جوانیو رازاوەیی خۆیان دەرنەخەن مەگەر ئەوانەی کە دەردەکەون.

هەندێ زانایان فەرمویانە: مەبەست لەم ئایەتە پیرۆزە (دەستو دەمو چاوە).

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ﴾ النور: ٣١ واتە: با لەچکەکانیان شۆڕ بکەنەوە بەسەر کراسەکانیانەوە.

واتە: لەچکەکانیان دەبێ شۆڕبکەنەوە سەر سینگیانو سینگیان داپۆشێ هەروەکو خودا فەرمانی کردوە بەئاشکرا لەئایەتەکە.

دەبێ ئافرەتان ئەمە بزانن و پەیڕەوی بکەن کە لەقورئانی پیرۆزدا ئاماژەیەکی تایبەتی کراوە بە داپۆشینی قژی سەریان و سنگیان بەلام دەبینین ئافرەتانی ئێمە هیچ گرنگی بە قژیان نادەن لەچکێك لەسەر دەکەن بەلام نیوەی پرچیان لەدەرەوەیە ئەمەش ناگونجێ لەگەڵ ڕێو شوێنی ئەم ئایینە، ئەسمائی کچی ئەبوبەکر هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) وپۆشاکێکی تەنکی لەبەربوو ئەویش ڕووی لێ وەرگێراو پێی فەرموو: (**يا اسماء ان المرأة اذا بلغت المحيض لم يصلح ان يرى منها الا هذا وهذا واشار الى وجهه وكفيه**) **حديث حسن**.

واتە: ئەسماء ئافرەت کەتووشی بێ نوێژی بوو بۆی نییە و دروست نییە هیچ شوێنێکی ببینرێ جگە لەدەمو چاوو هەردوو دەستی.

مەرجی چوارەم
تەسك نەبوون:

ئەم پۆشاکە دەبێ پانو فراوان بێ، نابێ تەسك بێت بەرزیو نزمی جەستەی تێیدا دەربکەوێ، ماکسیو بلوزو کراس بۆ ئافرەتان دەبێ شتێکی بەسەردا بکرێت، هەر لەبەر ئەوەشە کە دەبێ لەچکی سەریان بەسەر سنگیان شۆڕ بکەنەوە. هەروەکو لەقورئان فەرمانی پێ کراوە پاشان دەبێ ئافرەتان ئەوە بزانن کە زۆربەی ئەو پۆشاکانەی ئەمڕۆ دێنە بازاڕ لەولاتانی خۆرئاوا دووراون، رەچاوی ئەم مەرجەیان تێدا نەکراوە..لەم سەردەمەی ئێستاشدا زۆرێك لەو جلانە کە پێیان دەوترێت حیجاب بەتەسکی دوراون، ناگونجێ بۆ ئافرەتی مولتەزیم بە ئەحکامی ئیسلامی.

ئوسامەی کوڕی زەید گوتی: **كساني رسول الله (صلى الله عليه وسلم) قبطية كثيفة مما أهداها له دحية الكلبي فكسوتها إمرأتي فقال مالك لم تلبس اخاف أن تصف جسم عظمها.** (رواه احمد في المسند ،ج٢، ٢٠٥)

واتە: پێغەمبەر(ﷺ) خوا بەرگێکی وەك جبەی پێ بەخشیم کە تەسك بوو دوحیەی کەلبی (خوای لێ رازی بێ) بەدیاری پێشکەشی پێغەمبەری (ﷺ) کردبوو، منیش بەخشیمە خێزانەکەم جا پێغەمبەر پێی گوتم بۆچی ئەو جلەت لەبەر نەکردوە منیش گوتم بەخشیمە خێزانەکەم لەبەری بکات فەرمووی بەخێزانەکەت بڵێ باژێر کراسی لەگەڵ لەبەر بکات چونکە دەترسم قەبارەی ئێسکەکانی بەدەر بخات.

بەلام زۆر بەداخەوە بۆ ئافرەتانی موسلمانی ئەمڕۆ بەپێچەوانەی ئەم فەرموودە شتی والەژێروە لەبەر دەکەن تاقەبارەی لەشیان بەدەرکەوێ بەتایبەتی قەبارەی سینگو ڕان لەگەڵ ڕێزمان.

مەرجی پێنجەم
نابێ سەرنج راکێش و شوهرەت دار بێ:

ئەگەر حیجابەکەی لەم جۆرە حیجابانە بوو لەجوانیو شوهرەت ئەوا خوای گەورە پێیان دەفەرموێ: ﴿وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا﴾ النور: ٣١

چونکە جلو بەرگی بریقەدارو سەرنج راکێش خۆی بۆ خۆی زینەیە بەر قەدەغەکردن دەکەوێت، شوهرەت جلێکە کەس لەبەری نەکات لەبەر سەرنج راکێشان.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: **(من لبس ثوب الشهرة في الدنيا البسه الله ثوب مذلة يوم القيامة ثم الهب فيه نارا) (ابو داود في صحيحه)** واتە: هەر کەسێ جلو بەرگ بۆ ناوبانگی لەبەر بکات خودا لەڕۆژی قیامەت دا جلو بەرگی زەبونی لەبەر دەکاتو ئاگری تێ بەردەدات، کەواتە دوور بکەوە لەجلی بریقەدارو سەرنج راکێشو زەوقی.

مەرجی شەشەم:
نابێ خۆی بۆندار بکات:

مەودودی لەکتێبی (الحجاب) دەڵێ بۆنی خۆش نامەیەکە لەنەفسێکی خراپەوە دەچێتە ناو نەفسێکی خراپتر ، هۆکارێکی سەرەکیە بۆ فریودان و لەرێ لادانی کۆمەڵگە ئەگەریش لەکۆڕیك یان مەجلسێك دابنیشێ با خۆشی داپۆشی بێ و جوانی و رازاوەیی دەرنەخات بەڵام کە بۆنەکەی لەم شوێنە بڵاوبۆوە سۆزو عاتیفەو ئارەزووی دانیشتوان دەجولێنی پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: (**أيما امرأة استعطرت ثم خرجت فمرت بالمجلس ليجدوا ريحها فهي زانية.**) (**صحيح في الترمذي**) واتە: هەر ئافرەتێك خۆی بۆن خۆش بکات و پاشان بچێتە دەرەوە بەلای کۆمەڵێك پیاو دا بڕوات بۆ ئەوەی بۆنەکەی سەرنجیان رابکێشێت ئەوا وەك زیناکەر وایە.

لەکتێبی (ژن و مێردی ئیسلامی بەختەوەر) دەڵێ: ئایا دەزانن نهێنی شاراوەلەدوای کۆبونەوەی چەند سەگێك لەدەوری دێڵە سەگێك، کە دەیەوێت جووت بێن چییە؟ ئەم پرسیارکردنە ، کە ماوەی چەند ساڵێکە لەئارادایە، سەرنجی یەکێ لەزانایانی راکێشا، ئەویش ئەو گومانە باوەی هەبوو کە دێڵە سەگ –لەوەرزی زاوزێدا –بۆنێکی مێینە دەردەدات، کەلەشوێنێکی دوورەوە نێرینەکان بۆ خۆی رادەکێشێ هیچ سەگێك ناتوانێت بیر لەجنس بکاتەوە، گەر ئەم بۆنە سیحرییەی بۆ نەیەت جا

تــــەبــەروج

تەبەروج(التبرج): واتە دەرخستنی جوانی‌و زینەت و ئاشکراکردنی جوانیەکانی دەم‌و چاو‌و جەستەو شوێنی سەرنج راکێشی ئافرەتان و رازاندنەوەو دەرخستنیان بۆ بێگانە، هەروەکو لەقورئانی پیرۆزیش هاتووە ﴿وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ ٱلْأُولَىٰ﴾ الأحزاب: ٣٣

واتە: بەهیچ جۆرێك جوانی خۆتان بۆ بێگانە دەرمەخەن، هەروەکو لە جاهیلەتی کۆن جوانی خۆیان بۆ پیاوانی بێگانە دەردەخست.

بۆ پارێزگاری کردنی کۆمەڵگا لەزیانەکانی تەبەروج‌و پاراستنی جەستەی ئافرەتان لەدەست درێژی‌و بەرز راگرتنی شەرم‌و شکۆی ئافرەتان لەفەسادو خراپەکاری‌و دورخستنەوەی دەروونی پیاوان لەهەواو ئارەزووی پیسی شەیتانی ، بۆیە خوای گەورە قەدەغەی کردووە ئافرەتان تەبەروج نەکەن چونکە خوای گەورە شارەزاترە بە لاوازی مرۆڤو لادانی گەنجان بەرەو نادروستی جنسی.

تەبەروج تەنها ئەوشتانە ناگرێتەوە کە ئافرەت خۆی پێ دەرازێنێتەوە وەکو خشڵ‌و پۆشاك‌و بۆیاغ و مکیاج بەڵکو مانایەکی زۆر فروانی هەیە هەروەك لەقورئان‌و فەرمودە دا هاتیە، بێجگە لەم جۆرە (١٢) دوانزە جۆری تریشی هەیە:

هۆکارەکەیە، (الطیبی) گوتویەتی : ئافرەت، کە بە بۆنخۆشی لەماڵەکەی دەردەچێت، ئارەزوی پیاو دەوروژێنێت، وەك زینا کردن وایە.

(کل عین زانیە) بە واتای هەر چاوێك تەماشای ئافرەتێکی بێگانە، یان پیاوێکی بێگانەی کرد، بەشێکی زینای بەرکەوتووە، چونکە ئەمە بەشبەتی لەو زینایە، هەندێك لەمالیکیەکان (رەحمەتی خوایان لێ بێ) لەم فەرمودەدا ئەوەیان وەرگرتووە، کە چێژ وەرگرتن بە بۆنکردنی بۆن خۆشی ئافرەتی بێگانە حەرامە چونکە خوای گەورە ئەگەر شتێك حەرام بکات ئەوا شەریعەت ئەو شتەش قەدەغە دەکات کە نزیکە لەو بچێ، ئیبن عومەر رەزای خوای لێ بێ قەدەغەی کردووە، ئەگەر ئافرەتێك لەشوێنێك دانیشت و دوایی هەستا، یەکسەر پیاو لەشوێنەکەی دابنیشێ، مەگەر کاتێ گەرمایی شوێنی دانیشتنەکەی نامێنێ!

جا خوشکە باوەڕدارە بالأپۆشە پاکەکەم پابەند بە بەم مەرجە شەرعیانە، کە هەموویان لەقورئان و فەرموودا هاتوون تاکو پاکیەتی‌و بەرزیەتی خۆت بپارێزی‌و هەروەها پیاوانی موسڵمانانیش تووشی گوناهـو نەزەرو بیری خراپ نەکەی، لەکۆتاییش دا لەقیامەت بەرانبەر تەرازوو وەڵامی خودای بالأدەست بدەیەوەو بڵێی: من بووم جێ بەجێ کاری شەریعەتەکەی تۆو یاساکانی حیجاب تاکو بەئاسانی کیتاب بەدەستی راست وەربگریەوەو بەرەو بەهەشتی ماڵی شادی بەرێ بکەوی (اللهم آمین)

ئەو کاتە غەریزەکەی دەبزوێو بەدوای ئەو مێیە سەگە دەگەڕێ، کە بۆنەکەی دەرکردووە (دوور لەرووی خوشکانی موسلمانان).

یەکێک لەزانایان ئەم راستیە دەگێڕێتەوە، کە سەرقاڵی تاقیکردنەوەی ئەو ماددەیە بووە، کە نێرینەی سەگ هەڵدەنێو جنسی دەبزوێنێ، رۆژێک کارخانەکەی بەجێ دەهێڵێو بەپێ دەچێتەوە بۆ ماڵ، کەمێک لەو ماددەیە بە جلەکانیەوە نوسابوو، جا کۆمەڵە سەگێک بەبێ دەنگی و هاری بەدوای کەوتن، خەڵکیش بەمە سەریان سوڕماو نەیاندەزانی مۆیەکەی چییە.

ئەو بۆنە کاتێک لەمێیە سەگەوە دەردەچێت، کە ئارەزووی جنسی هەبێت، جا ئەم بۆنە وەك کارتی لێ گێڕانەوەی نهێنی وایە، کە هەوا هەڵی دەگرێ و دەیگوازێتەوە بۆ هەموو سەگەکانی ناوچەکە...هیچ سەگێك ناتوانێت بیر لەجنس بکاتەوە، گەر ئەو نامە کیمیاییەی پێ نەگات !!لوت دەیگوازێتەوە بۆ دەماری بۆن کردن، لەکۆدەمارەکانیەوە بۆ مێشك، لەمێشکەوە بۆ لیکە رژێنەکانی جنسی، جا گڕ دەگرێو سەگەکان کۆدەبنەوەو جەنگێکی ورد و خاشکەر لەسەر مێیە سەگەکە روودەدات!!ئا بەو شێوەیە لەدواوەی ئەم بیرۆکەیە، کە مێیە سەگەکە باری خۆی ئەنجام دەدا.

مەناوی لە(فیض القدیر) دا گوتویەتی: بەولتای وەك زیناکەر وایە لەگوناهدا، با جیاوازیشی هەبێ، چونکە بکەری هۆیەکە، وەك

حوشتر کە ئەمەش تەبەڕوجە، پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (علی رؤوسهن کاسنمة البخت) مسلم.

البخت: الابل – واتە: کۆپاڵەی پشتی حوشتر

شەشەم: خوای گەورە ﴿فَلَا تَخْضَعْنَ بِالْقَوْلِ فَيَطْمَعَ الَّذِي فِي قَلْبِهِ مَرَضٌ﴾ الاحزاب: ٣٢ واتە: قسە بەناسکیو بەشێوەیەك مەکەن، نەوەکو ئەوەی دڵی نەخۆشە بورژێتو نیازی خراپ بێت، بۆیە خوای گەورە قەدەغەی کردووە دەنگ باریك کردنەوەو ناسك کردنەوەی چونکە تەبەڕوج لەدەنگی ئافرەتانیشدا دەکرێ ئەمەش دەبێتە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی پیاوانو جولاندنی ئارەزوویان بەم قسەو وشانەی کە لەناستی خۆی زیاتر نا سککراوە، یان بەکارهێنانی وشانێك وەکو گیانە، بەقوربانت بم، خۆشەویستەکەم، دڵەکەم... هتد.ز کەئەمانە هەمووی بەرانبەر بێگانە حەرامن و تەبەڕوجن.

حەوتەم: هەندێ جار ئافرەت بە تەواوی خۆی دا پۆشیوەو هیچ نیشانەیەکی تەبەڕوجی لێ بەدەرنەکەوتووە بەڵام خۆی بۆندار کردووە هەروەکو پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((ایما امرأة استعطرت فمرت علی قوم لیجدوا ریحها فهي زانیة) رواه الترمذي حدیث صحیح.

پیلاویان بێ تا بزانرێت زینەت دار و خشڵ دارن، کە ببێتە هۆی ئاوڕدانەوەی پیاوان لێیان.

سێ یەم: لەوانەیە جوانی ئافرەتەکە داپۆشراو بێ ، جلکی فراوانی لەبەر دابێ بەلام ڕۆیشتنی بەلەنجەو لارو خۆبادان بێ بەئەندامەکانی تری تەبەروجی لێ دەردەکەوێ، هەروەك پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : (مائلات مميلات)، مسلم، الترمذي.

واتە: بەلەنجەو لاردەدەن ، ڕۆیشتن بەلەنجەو لارو ناسکی‌و خۆبادان تەبەروجەو دروست نییەو حەرامە.

چوارەم: خوای گەورە دەفەرموێ ﴿وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ﴾ النور: ٣١

واتە: جوانیەکانی خۆیان دەرنەخەن، جا خودای گەورە دیاری نەکردووە جوانی ئافرەت لەچ ئەندامێکی دایە ئەمەش ئەوە دەردەخات کەوا هەموو ئەندامێکی ئافرەتان بە گشتی لەدەرخستنی جوانیدا لێتنەو تەبەروجن، پاشان دەفەرموێ (الاماظهر منها) زانایانی تەفسیر دەفەرموون واتە: دەست‌و دەم‌و چاو، هەندێکی تریش دەفەرموون واتە: بۆ مێردو مەحرەمەکانی خۆیان..

ئەگەر تەفسیری دووەم وەربگرین ئەوا دەرخستنی جوانی دەست‌و دەم‌و چاویش تەبەروجەو دەبێ داپۆشرێ‌و بۆ بێگانە دەرنەخسترێ.

پێنجەم: تۆپەڵ کردنی پرچ یان بە کارهێنانی قژێلەیەکی گەورە بۆ تۆپەڵ کردن لەناوەراستی سەریان هەروەکو کۆپالەی پشتی

یەکەم: ئەبەرۆچ لەسەرپۆش چەفیە(الخمار) لەئایەتی خودا :

﴿وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ﴾النور: ٣١ واتە: سەرپۆشەکانیان بدەن لەسەر سینگو ملیان زانایانی تەفسیر دەفەرموون (علی جیوبهن أي علی صدورهنّ، أي يسترنّ الرؤوس والاعناق والصدور والقلائد) واتە: چەفیەکانیان دابپۆشن سەرو ملو سینگ.

(جیوب) هاتووە لەجیب.

واتە: گیرفانی کراس ، زانایان دەفەرموون ئەم ئایەتە هاتە خوارێ بۆ ئافرەتە صحابەکان چونکە لەجاهیلیەت چەفیەیان لەسەر دەکرد بەلام دەیانخستە پشتەوە، ئایەت هات فەرمووی بخەنە پێشەوە بێتە سەر سینگتان.

پێویستە ئافرەتان خۆیان بێ ئاگا نەکەن لەوەی کە خوای گەورە تەنها فەرمان ناکات بە داپۆشینی سەر بەڵکو فەرمانی کردووە بەداپۆشینی گەردەن و سینگی ئافرەتانیش، کەواتە دانەپۆشینی گەردەن و سینگ تەبەروجە.

دووەم لەم ئایەتەدا هاتووە﴿وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِن زِينَتِهِنَّ﴾النور: ٣١ نابێ ئافرەتانی ئیماندار قاچیان دەریخەن و پێیان بدەن لەزەوی ، کەواتە پێ ی ئافرەت عەورەتەو دەبی داپۆشرێ چونکە خودای گەورە قەدەغەی کردووە ئافرەتانی ئیماندار قاچیان دەریخەن و پێیان بدەن بە زەویدا تا دەنگی خشڵو خرخارەکانیان یان تەقەی قاپقاپەی

واتە: هەر ئافرەتێك خۆی بۆندار كردو بەلای پیاوانێك تێپەڕی تاوەكو بۆنی بكەن ئەوا ئەم ئافرەتە زیناكەرە، كەواتە بۆنخۆش كردنی ئافرەت بۆ دەرەوە دەچێتە ژێر ناوی تەبەروج.

هەشتەم: هەندێ جار ئافرەتان جلكیان لەبەر دایە بەڵام تەسك یان كورت یان تەنكن ئەندامەكانی لەشیان لێ بەدەردەكەوێ هەروەكو لەفەرمودەی پێغەمبەر ﷺ دا هاتووە دەفەرموێ (**نساء كاسيات عاريات**...) رواه مسلم.

واتە: ئافرەتێك جلیان لەبەر دایە بەڵام رووتن، چونكە یان تەنكەو ژێرەوەی دیارە یان كورتەو گۆشتی دیارە یان تەسكەو قەبارەی سینگو رانو دەرخستووە.

نۆیەم: دانیشتن بەتەنیا لەگەڵ ئافرەتی بێگانە تەبەروجو كارەساتە چونكە یەكسەر شەیتان زینەتی ئەم دووە بۆیە بەكتر دەردەخاتو چاڵ لێتنەیان بۆ هەڵدەكەنێ ئەگەر زوو دوور نەكەونەوە لەیەكتری.

قال رسول الله (ﷺ) **(الا لايبيتن رجل عند امرأة ثيب الا ان يكون ناكحاً او ذا محرم)** (مسلم).

واتە: باهیچ پیاوێك لەلای ژنێك شوی كردبێ نەمێنێتەوە مەگەر مارە بڕی بێ یان محرەمێكی بێ.

وقال (ﷺ) (**لا يخلو رجل بامرأة الا كان ثالثهما الشيطان**) صحيح الترمذي.

واتە: هیچ پیاوێك لەگەڵ ئافرەتێك بەتەنیا نامێننەوە ئیلا سێیەمیان شەیتانە.

دەیەم: دروست نییە ئافرەت وەسفی ئافرەتێکی جوان‌وشۆخ‌و شەنگ بۆ پیاوەکەی بکات، چونکە ئەمە دەرخستنی ئەبەرۆجی ئافرەتێکی تیکەیە بۆ پیاوەکەی‌و ئەمە وا دەکات ئارەزووی بوروژێنێت‌و تووشی تاوانی بکات.

قال رسول الله (ﷺ): **لا تباشر المرأة المرأة فتنعتها لزوجها كأنه ينظر اليها**

(البخاري واحمد)

واتە: بائافرەت وەسفی جوان‌و شۆخ‌و شەنگی ئافرەتێکی دیکە بۆ مێردەکەی نەکات بەوشێوەیەی وا لەمێردەکەی بکات وسەیری دەکات ئەوەش وەسفی دەکات کە دەیهێنێتە پێش چاوی.

یازدەم: ئایەتی ﴿ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا ﴾ النور: ٣١ واتە: دەرنەخستنی جوانیەکانی ئافرەت تەنها بۆ مەحرەمەکانی ئەبێ (بابو براو مامو خال‌و کوڕو مێرد) کەواتە تەبەرروجە وێنەی ئافرەت لەماڵی بێگانە(نامەحرەم) بێت، هەرچەندە خیلافێکی توند لەسەر وێنەگرتن هەیە، بەلام ئەگەر لەسەر رای ئەوزانا موتەساهیلانەبین کە دەڵێن دروستە بەمەرج، کەواتە بائافرەت وێنەبگرێ بەلام لەماڵی خۆی بێ‌و جگە لە مەحرەمەکانی نابێ بە هیچ جۆرێك پیاوێکی بێگانە سەیری بکات، جا وێنە لە لەماڵی مام و کوڕە مام سەیری بکات یان وێنە لەماڵی خالوان‌و کوڕە خاڵ سەیری جوانی‌و بەژن بالاو قەبارەی لاشەی بکات، یان ئەم وێنەیە بکەوێتە ماڵی خەڵکی

سیکە کە ئەمە هەر کارەساتەو کەشفی عەورەتو تەبەروجە لەمەش سامناکتر بەبیانووی مێرد کردن و بوون بە بووک،وێنەی بوکێنی بەبەخشینەوە بەسەر هەموو خەلکێك جا ژنولو پیاوی باوەڕدارو بەشەهامەت چۆن وێنەی شەرمو کەرامەتی خۆی (کەهاوسەرەکەیەتی) بەجلی رازاوە بڵاو دەکاتەوە تاکو برادەرەبرسیەکانی بەسەیر کردنی وێنە کە چێژی جنس وەربگرن و تینویەتی ئارەزوویان بشکێنن.

دوانــزدەم، لێدانی مەلهەلە لەکاتی گواستنەوەو مارەبرین بەپێی ئایــــــــەتی ﴿ فَلَا تَخْضَعْنَ بِالْقَوْلِ فَيَطْمَعَ الَّذِي فِي قَلْبِهِ مَرَضٌ ﴾
الأحزاب: ٣٢

ئەم مەلهەلەیە دەنگێکە ئارەزووی پیاوان دەجولێنێت بۆیە زانایان بەنادروستیان زانیوە، هەروەکو (شیخ ابن فوزان) رحمەتی خودای لێ بێ دەفەرمووێ: دروست نیەئافرەت لەئاهەنگدا مەلهەلە (الزغرطه) لێبدات چونکە ئەم بەرزکردنەوەلەکاتی ئامادەبوونی پیاوان فتنەیە[٥].

پێویستە خەلکی بگەڕێنەوە سەر رێگای راست و فەرمانەکانی خوای زانار کاربەجێ ، تێ بگەن کەوا خودا شتێکی قەدەغە نەکردووە مەگەر زیانێکی گەورەی بۆ مرۆڤەکان نەبێت هەروەکو بەدەرخستنی جوانی ئافرەت لەنێوان پیاواندا دەبێتە هۆی لادان و بزواندنی ئارەزوی پیاوان، لەدزی کردندا پیاو دەستپێشخەرە بۆیە قورئان دەفەرمووێ: ﴿ وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا ﴾ المائدة: ٣٨

تەبەڕوج سوکایەتیە بۆ ئافرەتان

هەر ئافرەتێك لەپەردەی شەرم دەرچوو بەرەو شەقامەکان وخۆی ڕازاندەوەو خۆی دەرخست، خۆی لەخۆیدا قسە دەکاتو دەڵێ ئایا سەیری ئەم جوانیەم ناکەن؟ئایا کەس حەزناکات لێم نزیك ببێتەوەو پەیوەندی ببەستێن؟

چونکە جوانیەکانی دەرخستووە لەبازاڕو شەقامەکان هەروەکو بازرگانەکان کەلو پەلەکانیان عەرز دەکەن بە ڕەنگی و ڕەنگاوڕەنگو شێوەی جوان تاکو سەرنجی کڕیارەکان ڕابکێشنو کاریکەنە سەر دەروونیان چێژیان بۆ بکەنەوە ئەم عەرزکردنە باشترین ڕێگایە بۆ چاوبرسیو دەروون تێنوەکان.

چۆن ئافرەتی بەشەرمو بەشەرەف جوانیەکانی خۆی دەردەخات لەبازاڕەکان بە نرخێکی کەمو سوك چاوە پیسەکان خۆیان پێ تێر بکەن. ئایا ئەم ئافرەتە پاکە ڕازیە بەناردنی ئەم پەیامێك بۆ جولاندنی ئارەزووی پیاوان و بیرکردنەوەی پیاوان بە خراپەو سێکس لەسەر خۆیی؟؟!! بەڕاستی ئافرەت بیر لەم بارە بکاتەوە شەرم سووری دەکاتەوەو عارەقەی لێ دەتکێ بۆیە جوانیەکانی خۆیان دادەپۆشن و دەری ناخەن بۆ چاوە ترسناکەکان.

قورئان زۆر بە ئاشکرا ئەم ڕاستیەی دەرخستووە و دەفەرموێ:

ئافرەتی جوانی دەرخەر تیرە ژەهراویەکانی دەوەشێنێت و تاوانبارە کاتێ بە جوانیەکانی بەندەکانی خودا لەرێگا لادەداتو فشاریان لێ دەکاتەوە چونکە بەهەر چوارلا فەساد بڵاودەکاتەوە ئارەزوو نوستیە ئەگەر بە خەبەری نەهێنی ئاگادار نیە ئەگەر بانگی نەکەی.

زۆر پیرەژن هەیە (قیناعی ساختەیان پۆشیوە بە مکیاج و دەمو چاوکردنو...هتد) لەدەرخستن وەك گەنجان هەڵسو کەوت دەکات خۆی وەکو ئەو گۆشتە نیشان دەدات بۆ تێوەرهاتنی گورگەکان ئەگەر گۆشتێکی بۆ گەنیش بێ مێشو مەگەزی پیسی لەسەر دەنیشێ، وەیلو ماڵ کاولی بۆ ئەو شەیتانە نەفرەت لێکراوە کە پیاوان دەخاتە ناو ئاگری بە گڕو تین،چونکە چەندین نەزەر بوەتە هۆی سەرگەردانیو لێککردنەوەی ژنو مێردو دەربەدەری منالان، شاعیر دەڵێ:

نظرة فابتسامة فسلام فكلام فموعد فلقاء

ئەگەر ئەم ئافرەتە خۆی داپۆشت و باڵاپۆش بوو وازی لە لەنجەو لاریو قسەی وروژێنەر هێنا بۆ بڵاونەبوونەوەی فەسادو شەڕ بێگومان رێزو شەرەفو پایەکەی بە پەرژینی پۆڵاینی پارێزراو دەبێ، پاشان پیاوانو خێزانو کۆمەڵگاش ئەمین دەبێ لەفیتنەو فەسادو شیرازەی هیچ ماڵێك تێك ناچێ.

بەڵام لەزینا ئافرەت دەست پێشخەرە بۆیە سەرەتا بەو دەست پێ دەکات‌و دەفەرمووێ ﴿ ٱلزَّانِيَةُ وَٱلزَّانِي فَٱجْلِدُوا۟ كُلَّ وَٰحِدٍ مِّنْهُمَا مِا۟ئَةَ جَلْدَةٍ ﴾ النور:

چۆن ئافرەت دەست پێشخەرە؟ بەم تەبەروجانە خۆی عەرز دەکات ناقیتنەکە هەڵبستێ– خودا پەنامان بدات–

(شێخ محمد الغزالی) دەفەرمووێ:

ئێمە یەکدەنگین کە سیل نەخۆشیەکەو بڵاودەبێتەوە دەبێتە هۆی نەخۆشی پێست، هەروەکو بەو شێوەیەش تەبەروج دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی زیناو فاحیشە هەروەکو پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ : (**فزنی العین النظر**) (**البخاری**)، کەواتە چاوو دڵ زینا دەکەن پێش زینای گەورە.

بێ گومان چێژی بینین تامێکی گەورەی هەیە بۆ مرۆڤەکان، نەتانبینیوە چەندین کەس پارەی زۆر خەرج دەکات بۆ بینینی شتی جوان لەماڵەکەی، دیوارەکەی، سەقفەکەی، باخچەی بە دارو گوڵی جوان‌و کەل‌و پەلی ناو ماڵ دەرازێنێتەوە، تەنها بۆ بینین‌و تام لێ کردنی چاوەکانە ئەگەر دەستیشیان لێ نەدات بەڵام چاوەکان ببینن بەسە.

خواردنێکی خۆش دادەنرێت بە بینین دەم لیکاو دەکات و گەدە هۆرمۆن دەرژێنێ پێش دەست پێکردنی دەم بە نان خواردن، گوتراوە (**العین تاکل أکثر من الفم**).

ئەی دەبێ بینینی ئافرەت‌و دەرخستنی گۆشتەکانی چەند کاریگەری ببێ لەسەر پیاوان؟؟!!

بەهانە بێ بنەماکان

چۆن بێ بڕواو جاهیلەکان مل کەچی هەواو ئارەزووی خۆیان بوونە هەندێ موسڵمانی نەزانیش کەوتۆتە ژێر کاریگەی هەواو ئارەزووی شەیتان‌و نەفسی خۆی بۆ تەبەروج بەهۆی هەندێ بەهانەی بێ بنەماوە وەکو:

١-هەندێ کەس دەڵێن ئەوە گوناهە بچوکەکانە.

٢-هەندێکی دیکە دەڵێن ئەوە نیشانەی پێش کەوتن‌و مەدەنیەتە.

٣-هەندێکی تر دەڵێن ئەگەر خۆمان نەڕازێنینەوەو تەبەروج نەکەین خەڵکی تر گاڵتەمان پێ دەکەن.

٤-هەندێکی تر دەڵێن تۆمەتبارمان دەکەن بە کۆنەپەرستی‌و ئیسلامی.

٥-هەندێکیتر دەڵێن ئەمە ڕێگایەکی بەپەلەیە بۆبەشودانی کچەکانمان زۆر داواکاریان دێت.

٦-هەندێکی تر دەڵێن سەرنجی مێردەکانمان پێ ڕادەکێشین تاوەکو مەیلیان نەڕوات بۆ ئافرەتی تری ڕازاوەو خۆ دەرخەر.

٧-هەندێکی تر دەڵێن منداڵەو تەمەنی بچوکەو جارێ زووە بۆ بالآپۆشی.

٨-هەندێکی تر دەڵێن ئاخەر پیربومەو کەس تەماشام ناکات.

٩-هەندێکی تر دەڵێن ئاخەر ناشیرینین‌و پیاوان لەدەستمان ڕادەکەن وە سەیرمان ناکەن.

١٠-هەندێکی تر دەڵێن خودا هێشتا هیدایەتی نەداوم.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّ ۚ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰٓ أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٥٩﴾﴾
الأحزاب: ٥٩

لەم ئایەتەدا خودا پەرژینێکی ڕێزو پاکی لەدەوری ئافرەتانی ئیماندار چاندووە تاوەکو لەبەرزیەتیو گەورەیی دانەبەزن، خۆشەویستمان ﷺ فەرمان دەکات بە خێزانەکانیو هی ئیماندارانیش کە پابەند بن بە (جلباب)، جلباب بەرگێکی فراوانو ئەستورە هەموو لاشە دادەپۆشێ تاکو بەم بەرگە بناسرێتەوە کە ئەمە ئافرەتێکی بەشەرمو شکۆو خواناسە، کردەوەی خراپەکاران ئەزیەتی نادەن، سوکایەتی پێ ناکەن، نە بە چاوەکانیان نە بە وشەی سوک، بەمە دەناسرێتەوە کە ئەهلی قورئانن چونکە فەرمانەکانی قورئان جێ بەجێ دەکەنو ئینجا ئیمانداران ڕێزی لێ دەگرنو فاسیقەکانیش ئەزیەتی نادەن.

سینگی ڕووت بکاتو بەلەنجەو لار بڕوات و دەمو چاوو لێوی یەک پارچە بۆیە بکات پرچەکانی تەل تەل شۆڕبێتەوە، هیچی لەتەبەڕوج جێ نەهێلابێ ئاخەر دڵم پاکە، ئاخەر چۆن ئافرەتێکی سەماکەری ڕووتی خراپەکار جیادەکرێتەوە لەئافرەتێکی پاکی ئیمانداری داپۆشراو.

ڕاستە گورگەکان بەدوای ئافرەتانی پاکیش دەکەون بەلام کاتێك ئەم گۆشتە ئامادەکراوە بەدەرخەرە ببینن گورگەکان تا لێی تێر نەخۆن واز ناهێنن چونکە هەرزان فرۆشی کردووەو نرخی نەماوە.

خوشکی ژیرو موسلمانم واز لەو بەهانانە بێنەوە بگەڕێوە لای خوداو پێغەمبەرەکەی (صلی الله علیه وسلم) دونیا کورتەو قیامەت بێ کۆتایە با لەدەستت نەچێ.

تەبەروج بەڵگەیە لەسەر نەزانی ئافرەت

قورئان دەفەرموێ ﴿وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ ٱلْأُولَىٰ﴾ الاحزاب: ٣٣. واتە: نەکەن جوانیەکانی خۆتان دەرخەن بۆ دەرەوەو بێگانە هەروەکو سەردەمی جاهیلیەتی پێشوو.

ئومەیمەی کچی رەقیقە چووە لای پێغەمبەر ﷺ کە لەسەر ئیسلام پەیمانی بداتێ، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (...**ولا تتبرجي تبرج الجاهلية الأولى**) واتە: پەیمانت لێ وەردەگرم جوانیو رازاوەیی خۆت وەکو ئافرەتانی سەردەمی نەفامی بۆ پیاوانی بێگانە دەرنەخەیت.هەروەها عەرەب دەڵێ: (**الرأس الفارغة تحتاج الى زين، وأما الرأس المملوءة بالعلم فإنها لا تحتاج الى زين**) واتە: مێشکی بەتاڵ پێویستی بە خۆرازاندنەوە هەیە، بەڵام مێشکی پڕ زانست پێویستی بە رازاندنەوەو دەرخستن نیە، چونکە زانست جوانی کردووە کە لەراستیدا ئافرەتی خاوەن زانست و شەهادەو پلەبەرزەکانو خاوەن هونەرەکان لەجلو بەرگدا زۆر سادەن، زۆر گرنگی بە لاشەو دیوی دەرەوە نادەن بەڵکو گرنگی بە ژیریو عەقڵو مەعریفەت دەدەن کەسێ گرنگی بە ناوەڕۆک بداتو دەرەوەی لا بچوک دەبێت بەڵام کەسێك هێزی خۆی بە دەرەوە داو تەبەروجی کرد ناوەڕۆكو عەقڵی لەبیر دەچێو بچوک دەبێتەوە بەڵکو

ئەمە ئەمها لەمنداڵ دەوەشێتەوە کە جلکی جوان‌و نوێ‌و بە باق‌و بریق لەبەر بکات‌و خۆی بە خەڵک نیشان بدات و خۆی پێ با بدات، بەڵێ تەبەروج بۆ منداڵە؟؟!!

وەیێ بۆ ئەوەی پەروەردەی دەستی جاهیلیەت‌و نەفامیە کە ناتوانێ سەرپێچی ئارەزووەکانی خۆی بکات و بە ئاسانیش سەرپێچی خالقی دەکات چەندین جار گوێی لێ بووە لەئایەتەکانی خودا کە جەخت دەکاتەوە لەسەر داپۆشینی بەرگی شەرم‌و شکۆ بەڵام ئەو بە موتەکەبیریەوە بەردەوامە لەسەر تەبەروج‌و بەرەڵایی وەکو ئەوەی کە هەر گوێ لەقورئان نەبووبێ :

﴿ وَيْلٌ لِّكُلِّ أَفَّاكٍ أَثِيمٍ (٧) يَسْمَعُ آيَاتِ اللَّهِ تُتْلَىٰ عَلَيْهِ ثُمَّ يُصِرُّ مُسْتَكْبِرًا كَأَن لَّمْ يَسْمَعْهَا فَبَشِّرْهُ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ (٨) وَإِذَا عَلِمَ مِنْ آيَاتِنَا شَيْئًا اتَّخَذَهَا هُزُوًا أُولَٰئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ مُّهِينٌ (٩) ﴾

یان وا گومان دەبات ئەو بێ ئاگاو نەفامە کە خودا شەریعەتی بۆ ناردووە بە ئارەزووی خۆی تێیدا هەڵبژێرێ کامەی پێی خۆش بووە بیکات‌و کامیشی نەویست سەرپێچی بکات واتە لەهەندێ شت بە قسەی بکات وەکو نوێژو ڕۆژوو و عومرە... وە لەهەندێ شتیش سەرپێچی بکات وەکو حیجاب‌و چەفیەو دوورکەوتنەوە لەتەبەروج مەگەر گوێی لەهەرەشەی قورئان نەبووە کە دەفەرموێ :

﴿ أَفَتُؤْمِنُونَ بِبَعْضِ الْكِتَابِ وَتَكْفُرُونَ بِبَعْضٍ فَمَا جَزَاءُ مَنْ يَفْعَلُ ذَٰلِكَ مِنْكُمْ إِلَّا خِزْيٌ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ يُرَدُّونَ إِلَىٰ أَشَدِّ الْعَذَابِ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ (٨٥) ﴾ البقرة: ٨٥

قەت خوای گەورە شەریعەتی نەناردۆتە خوار کە بەدوای هەواو ئارەزووی خەڵك بکەوێ ، بەپێی میزاجی خەڵك لێی هەڵبژێرێ :

﴿ وَلَوِ اتَّبَعَ الْحَقُّ أَهْوَاءَهُمْ لَفَسَدَتِ السَّمَاوَاتُ وَالْأَرْضُ وَمَنْ فِيهِنَّ بَلْ أَتَيْنَاهُمْ بِذِكْرِهِمْ فَهُمْ عَنْ ذِكْرِهِمْ مُعْرِضُونَ (٧١) ﴾ المؤمنون: ٧١

﴿ وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَنْ يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُبِينًا (٣٦) ﴾ الاحزاب: ٣٦[*]

لێرەوە لەجێی خۆیەتی ئەم پەیامە بگەیەنینە خوشکانی حیجاب‌و نیقاب، چۆن هەندێ ئافرەت هەیە باوەڕی بەنوێژو ڕۆژوو هەیە بەڵام باوەڕی بەحیجاب و نیقاب نییە ئەوا باوەڕەکەی ڕەت دەکرێتەوە، هەندێکیش لەنێوەدا هەیە باوەڕی بەنوێژو ڕۆژوو حیجاب‌و نیقابیش هەیە بەڵام نارازییەو ڕەت دەکاتەوە فرە ژنی (تعدد الزوجات) ئەو کات بزانە ئیمانەکەی تۆش ڕەت دەکرێتەوە، بگرە‌ی سزای تۆ لە ئافرەتە سفورەکە سەختره چونکە ئەو بەنەزانین ڕەت کردۆتەوە کەچی تۆ بەزانین‌و بەخوێندنەوەی ئایەتەکەی ڕەت دەکەیەوە ناڕازی.

(*) سودم بینیوە لە(التبرج)ی نعمت صدقی

نوێژی بکات بۆ نێردەی میسر لەوێ بەڵام زۆری پێ نەچوو ئەم پیاوە تولوە ئەو بیرە پیسەی لەگەڵ خۆی هێناوە و ئیتر بانگەوازی بۆ بەرۆژئاوابوون کردو ئاڵای بەناو ئازادکردنی ئافرەتی هەڵگرتو کتێبێکی لەسەر فەرەنسا دانا.

پاش ئەمە لەمیسر (قاسم ئەمین) بۆ تەواو کردنی خوێندنی گەشتی فەرەنسای کردو ئەویش کاریگەرو سەرسام بوو بە فەرەنسا، قاسم ئەمین کتێبێکیشی دانا بە ناوی (ئازادکردنی ئافرەت) لەساڵی ١٨٩٩ کە تێیدا هێرشی کردبوە سەر سەر پۆشو بانگی بۆ سفور دەکرد پاشان گۆڤاری (السفور) دەرچوو کە تا ئەو کاتەشی ئافرەتان سەرپۆشو بەڵکو دەمو چاویشیان دادەپۆشیو تێکەڵی پیاوان نەدەبون.

پیلان دانرا بۆ سەرخستنی ئەم فیکرە بۆگەنەیان لەلایەن سەرکردەی بەناو نیشتیمانی (سعد زغلول) کە پیاوی ئینگلیز بوو لەگەڵ هاوسەرەکەی (صەفیە زغلول) گەڕانەوە میسر و خەڵکی لەپێش وازی دابوون و چووە ناو ئافرەتان و (هدی شعراوی) پێشوازی لێکرد و ئەویش سەرپۆشو حیجابی لەدەمو چاوی فڕێداو تێکرا دەستیان کرد بە چەپڵە لێدان.

(هدی شعراوی‌و صەفیە زغلول) سەرکردایەتی ئەو خۆپیشاندانە ئافرەتانەیان کرد لەساڵی ١٩١٩ کە گەیشتنە گۆڕەپانی (إسماعیلیە)

دورخەینەوە لەموسڵمانان، چونکە عەلمانیەکان مەترسی هەرە گەورەن بۆ سەر ئومەتی (محمد) صلى الله عليه وسلم، بەسەر مێشکی هەمومان دادێت بۆچی رۆژئاواو عەلمانیەکان ئەوەندە جەخت لەسەر ئافرەت دەکەنەوە.

نهێنی ئەوە لەوەدایە ئەوان گرنگی و رۆڵی ئافرەت دەزانن لەدروست کردنی ئومەتو کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا، بۆیە چ کات سەرکەوتوبون لەگومڕاکردنی ئافرەت ئەو کاتە شورەکانو قەڵای موسڵمانان ئاسان دەبێت تێکی بدەن بە بێ بەرگری.

هەندێ لەوان گوتویانە: بەرداخێکی عەرەقو ئافرەتێکی داوێن پیس و بەڕەڵا کاریگەری زیاترە لەسەر ئومەتی ئیسلام لەهەزار تۆپ.

بەرۆژئاوا کردن: ئەمە لەلایەن سیاسەتمەدارانی رۆژئاوا دروست بوو پاش سەرنەکەوتنیان لەهەڵمەتە سەربازیەکان بەمەش بیری بەرۆژئاواکردن هاتە دیو بنەمای ئەم بیرەش پێك دێت لەسەر :

توانەوەی کەسایەتی موسڵمان لەکەسایەتی رۆژئاوا، تەنها بەچاوی رۆژئاوا سەیر بکاتو سەرسام بێت بەوەی رۆژئاوا پێی سەرسامە و لەگەڵ دوورکەوتنەوە لەبیروباوەڕو رەوشتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام.

سەرەتای بەرۆژئاواکردن لەسەدەی نۆزدەهەم لەمیسر دەستی پێ کردو وڵاتانی تریشی بە دواداهات، (محمد علی پاشا) پاشای میسر (رفاعە الطهطاوي) نارد بۆ فەرەنسا کە دەرچووی ئەزهەر بوو تاکو پێش

شێوازی عەلمانیەکان بۆ بەرۆژئاوایی (تەغریب) کردنی ئافرەتی موسڵمان

خــوای گــەورە لەقورئانــدا رێنمــویی کــردوین تــاکو رێگــای تاوانبــاران بناســینەوەو خۆمــانی لــێ دووربگــرین ﴿وَكَذَٰلِكَ نُفَصِّلُ ٱلْءَايَٰتِ وَلِتَسْتَبِينَ سَبِيلُ ٱلْمُجْرِمِينَ ﴿٥٥﴾﴾ هــــەروەها فرمـــــانی بــــە پێغەمبەرەکەی ﷺ کردووە جیهاد بکات بەرامبەر کافرو دووڕووەکان ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ جَٰهِدِ ٱلْكُفَّارَ وَٱلْمُنَٰفِقِينَ وَٱغْلُظْ عَلَيْهِمْ ﴿٧٣﴾﴾ بێ گومان جیهـاد بەرامبـەر کـافران بـە بەڵگـەو چـەك دەبێـت، جیهـادی موونافیقانیش بە بەڵگەو روون کردنەوە دەبێت چونکە منافق حوکمی موسـڵمانی هەیـە خـۆی لـەناو ئیـسلام حەشـارداوەو بیروبـاوەڕی دەرناخات، خـودای گـەورە ئابڕووی موونافیقـانی بـردووە لەقورئانـدا لەسورەتی(النساء – التوبه – الاحزاب – البقره).

ئەمانــە تــاقمێکن ئابڕویــان نــەماوە ، ئەوانــەی دەیــشارنەوە خــودا بەدەریدێخێ تاکو خەڵك بیزانن و پێی هەڵنەخەڵەتێن.

بۆیــە پێویــستە شــارەزابین لەبــەرۆژئاواکردنی ئــەم ئوممەتــە بەتایبــەت ئافرەتان لەلایەن عەلمانیەکانەوە، تاکو ئەم شەرو دەردو کارەساتە

لەقاهیرە هەڵسان بە سوتاندنی حیجابو دوای ئەمە ئەم گۆڕەپانە ناونرا بە گۆڕەپانی (تەحریر).

پاشان (هدی شعراوی) و ئافرەتانی تریش سەرکەوتوبوون لەگرێدانی کۆنگرەیەکی ئافرەتانی عەرەبی کە چەندین بڕیارو داواکاریان دەکرد لەوانە:

-سنوردارکردنی (طلاق)و فرەژنیو دەسەڵاتی وەلی ئەمر.

-یەکسان کردنی تەواو لەنێوان ئافرەتو پیاو.

-داواکردن بۆ لابردنی (نون النسوة).

-داواکردن بۆ کۆکردنەوەی هەردوو رەگەز لەخوێندنی سەرەتایی.

رۆژئاوا ئینگلیزیش دەست خۆشیان کرد لەم کۆنگرەیە.

بەداخەوە لەو رۆژەوە ئەن تاقمە پیسە بەپاڵپشتی غەرب حیجابو سەرپۆشیان سووک کردو سفوریو بەرەڵاییان بڵاوکردەوە

دیمەنەکانی بەرۆژئاواکردنی ئافرەتی موسڵمان

١-تێکەڵاوی لەگەڵ پیاوان لەخوێندنو کارکردندا، چونکە هەر کاتێک پیاوو ژن گەیشتنە یەک دەبێتە هۆی جولاندنی شەهوەتو ئارەزوەکان.

٢-تەبەروجو سفوری تەبەروج واتە بەدەرخستنی جوانیەکانی ئافرەت بۆ ئەو کەسەی کە بۆی حەلال نیە.

سفور واتە: بەدەرخستنی هەندێك لەلاشەی كە حەرامە بۆ بێگانەو غەیری مەحرەمەكانی وەكو لاقو باسك و قژ.

٣-بەدواداچوون و چاولێكردنەوەی ئافرەتانی موسڵمان بۆ مۆدێلو جلی ئافرەتانی ڕۆژئاوا.

٤-خەلوەت كردنی پیاو لەگەڵ ئەو ئافرەتەی كە مەحرەمی نیە، بێگومان ئەمەش كاری كافرانە چونكە هیچ ئاینو دینێكیان نیە تا ئەم شتەیان لەسەر حەرام بكات، بۆیە لای هەندێ كەس ئاساییە خەلوەت و بەتەنها مانەوە لەدائیرەو دوكانو تەكسیو...

پاساوێكی گرنگ

هەموو پاڵنێك لەسەر ڕووی زەوی دەبێ بە پۆشاكی چاك سازی دا بپۆشرێت تاكو خەڵكی قبوڵی بكەن، باتڵ خۆی ناشرینو پیسە ئەگەر لەسەر شێوە ڕاستەقینەكەی خۆی دەركەوێ دەروونەكان وەری ناگرن هەر بۆیە عەلمانیەكانو ڕۆژئاواییەكان هەڵدەستن بە جوان كردنی ڕێبازو ئامانجو بیرەكانیان، بیانو دەهێننو دەڵێن كاركردنی تێكەلاو بەرژەوەندی میللەتی تێدایە و تا نیوەكەی تری كۆمەڵگا كاریگەرو ئازانجی ئابوری نەد بێت، یان لەژێر ناوی ئافرەت ماڵ خۆیەتی بە ئازادانە بێتە دەرەوەو بچێتە هەمو شوێنێك، ئینجا ئازادی كەسایەتی... هتد...

پاش ئەمەش عەلمانیەکان سەیری هەندێك عادەتی ناو موسڵمانانیان کرد کە لەئیسلام دانیە، ئەم عادەتانەیان قۆستەوە و تاکو لەڕێ زەهرەکانیان بڕێژنو پیلانەکانیان جێ بەجێ بکەن ئەمانەیان هەموو خستە سەر ئیسلام.

نموونە: لەهەندێ کۆمەڵگای موسڵمانەکان ستەم لەئافرەت دەکرێ لەمیرات یان بێ بەش دەکرێت، دەبینی پیاوێك دادگەری ناکات لەنێوان خێزانەکانی پێچەوانەی فەرمانی خوا دەکات لەم کەلێنە عەلمانیەکان زیاتر هاتنە ژوورەوو زەهری خۆیان ڕشت، لەگەڵ ئەوەی ئەم شتانەش لەئیسلام دا نی یە بەڵکو لەدیدی ئیسلامدا ئەمانە ستەمن و خاوەنەکەی لەڕۆژی قیامەت سزا دەدرێت ئەگەر هاتو تەوبە نەکات.

شێوازو هۆکارەکانی عەلمانیەکان بۆ بەڕۆژئاواکردنی ئافرەتی موسڵمان:

١-دەزگای ڕاگەیاندن بەهەمو جۆرەکانی: لەڕۆژنامەو ئێزگەو تەلەفزیۆنو فلیمو گۆڤاری تایبەت بە مۆدێلو گۆڤاری ئافرەتان، چونکە ئەمانە ڕای گشتی دەبات بەو ئاراستەی کە دەیەوێت بە تایبەت ئەو عەقڵانەی کە بەتاڵن وپاك نەکراون بە قورئانی خودا.ڕاگەیاندنەکان کە چەندین ناپەسەندو ناشرینی تێدا دەبینرێ لەهەمو گۆڤارەکان لەسەر بەرگ وێنەی ئافرەتێك هەر دادەنێ، هەر هەفتەیەك وێنەیەکی تازە کە بەچەندین ڕەنگ بۆیاغ کراوەو جارێکی تر وێنەی ئەم

بابەتی تر باس دەکرێت وەکو پێدانچوونەوە بەیاساکانی باری شارستانی‌و یاسا عەلمانیەکان لەبابەت هاوسەرگیری و تەڵاق دان بۆ مەبەستی بەرۆژئاواکردنی ئافرەتی موسڵمان.

٥-سێیەم کاری لەبەکارهێنانی پۆستو پلەو پایە، کەسێك لەپۆستێك دایە هەڵدەستێ بە دەرکردنی یاساو بڕیار کە سەرپۆش قەدەغە دەکات یا تێکەڵاوی بەسەر خەڵك دەچەسپێنێ یا قەدەغەکردنی چالاکی ئیسلامی و چەندین کاری تر...

٧-بانگەوازی کردن بە شوێن کەوتنی مۆدێل‌و خنکاندنی وڵاتانی ئیسلامی بە پۆشاکی نابووبەر کە ئەمەش زۆر مەترسی داره چونکە پۆشاك دروشمی گەلانە و هەموو نەتەوەیەك پۆشاکی تایبەتی خۆی هەیە راستە ئیسلام پۆشاکێکی تایبەتی بۆ پیاوو ئافرەت دیاری نەکردووە بەڵام مەرجی داناوە بۆ پۆشاکی هەردووکیان ئەگەر ئەم مەرجە شەرعیانە هاتنە دی ئەوا ئەم پۆشاکە رێگە پێدراوە، ئافرەتانی موسڵمان داوایان لێکراوە کە دووربکەونەوە لەشوێن کەوتنی رۆژئاوا لەمۆدێل‌و پۆشاکەکانیان، بەداخەوە یەکێك لەئێمە ناتوانێت مەگەر بە ماندووبوونێکی زۆر نەبێت پۆشاکێکی بەرین و درێژ بۆ منداڵەکەی بدۆزێتەوە.

٨-لەشێوازەکانیان دروست کردنی رێك خستن‌و کۆمەڵەو یەکێتی ئافرەتانە ئەویش بە پاڵپشتی رۆژئاوا، ئەم کۆمەڵانە رووی دەرەوە دەردەخەن هۆشیاری رۆشەنبیری‌و چاکسازی‌و فێرکردنی ئافرەتان

دەربارەی تەلەفزیۆنیش لەراپۆرتێکی یونسکۆ دەرکەوتووە لەیەکێك لەتوێژینەوەکان لەسەر (٥٠٠) فیلم، سەرەنجام لەبابەتی (خیانەی زەوجی‌و تاوان‌و سێکس‌و خۆکوشتن بە رێژەی (٧٢٪) رەوشتی بینەرەکانی بردەوە بەرەو ئەم تاوانانە.

٢-لەئامرازە مەترسیەکانی عەلمانیەکان بۆ بەرۆژئاواییکردنی ئافرەتی موسڵمان ئەویش خۆخزاندنە ناو لایەنی پەروەردەییەوە، یاخود دارشتنی پرۆگرامی خوێندن کە زۆر دوورە لەخوێندنی ئافرەتی موسڵمان، لەناو پرۆگرامەکاندا بانگەوازیکردن بۆ یەکسانی لەنێوان ژن‌و پیاودا لەهەموو شتێك، هاندانی ئافرەت بۆ بەناو ئازادی ئینجا تێکەڵاو کردن لەقۆناغەکانی خوێندن لەسەرەتایی تا کۆتا دەرچوون کە ئەمەش بەتەواوی رێگابەردانە لەبەردەم هەر فەسادێك کە بۆ ئافرەت بێت.

٣-رێگایەکی تر دانانی کتێب‌و نامیلکە دەربارەی ئافرەتان بەناوی ئامۆژگاری‌و پێشنیارو چارەسەر بۆ کێشەکانی ئافرەتان هەندێك لەو بابەتانە وەکو زاڵ بوونی پیاو لەسەر ئافرەت یان سەرپۆشی ئافرەت بەشێوەیەك نوسراوە کە لەدژی بەرژەوەندی ئافرەت بێت، داوا دەکرێت خوێندن هەردەم تێکەڵاو بێت تاکو قوتابیەکان سەرکەوتوو بن بە سەر ئەو بەربەستەدەروونیانەی نێوان هەردوو رەگەز.

٤-هەستان بەبەستنی کۆنگرە لەسەر کێشەکانی ئافرەتان ئینجا چاوپێکەوتن لەسەر بابەتی فێرکردن‌و پەروەردەو گۆرینی ، چەندەها

ئافرەتانە لێنادرێتەوە، کەبەڕاستی ئەمە بە کەم زانینی ئەم ئافرەتانەیە و گەڕانەوەیانە بۆ سەردەمی کۆیلە کردنی ئافرەتان رەفتارکردن لەگەڵ ئافرەت تەنها وەك جەستەیەکە کە روحی تێدا نەبێت بەرانبەر چەند پارەیەکی کەم.

ئەم ئافرەتەی کە لەگۆڤارەکەدایە و چەند پرسیارێکی بێ مانای لێ کراوە وەکو: ئایا رۆژێك لەرۆژان خۆشەویستیت کردووە؟ ئایا ئارەزووی تۆ چی یە؟ ئایا هاورێیەتیت لەگەڵ پیاوێك کردووە؟ تەنها مەبەست لەپشتی ئەم قسانە فەسادکردنی ئافرەتانە جا عشقیشیان ناو ناوە سۆزداری.

هەروەها لەم گۆڤارانەدا چەندەها وێنەی بێ ئابروو وێنەی رووت دەبینرێ بە هەنجەتی گوایە جوانی نیشاندانە، یا خود لەدیاریکی یا بە هانەی وەرزشی یا کێش دابەزاندن یا شاجوانی.

ئینجا لەناو ئەم گۆڤارانە دا باسی چەندەها بابەتی بە ناو خۆشەویستی و عاشقاتی کە مەبەست لەپشتی بە کەم زانینی تاوانەکانەو گۆڕینی رەوشتە رەسەنەکان و دانانی رەوشتی رۆژئاوایە لەجێگایدا .

شێخ (العثیمین) رەحمەتی خوای لێ بێ لەسەر باسی ئەم گۆڤارانەدا دەڵێت: هەڵگرتنی ئەم گۆڤارانە حەرامە هەروەها کڕین و فرۆشتنی و قازانجەکەی حەرامەو بەدیاری بەخشینی حەرامە وەرگرتنی وەکو هەدیە حەرامەو هەر شتێك بێتە یارمەتی دان بۆ بڵاوبونەوەی حەرامە چونکە یارمەتی دانە لەسەر حەرام و خراپە.

بۆ هەندێ پیشە وەکو نورمان و لێدانی ئامێری مۆسیقا بەلام لەناوەڕۆکدا ژەهرێکی پیسی پێ بەو ئافرەتان فێری بیروبۆچونی ڕۆژئاوا دەکات و دەیگوازێتەوە لەڕۆشنایی ئیسلام بۆ تاریکی ڕۆژئاوا ، لەگەڵ ئەوەش ئینکاری ئەوە ناکرێت کە هەندێك کۆمەڵە هەنە بە ڕاستگۆیی و بۆ بەرژەوەندی ئافرەتان لەژێر ڕۆشنایی ئیسلام کاردەکەن.

٩-شێوازێکی تریش بە گەورە ڕاگرتنی بەدرەوشتە ڕۆژئاواییەکانو ئەکتەرەکانو سەماکەرەکان و گۆرانی بێژەکان، جگە لەوەش دەڵێن فلان ئەستێرە یاخود فلان ناودار یان فلان پێشەنگە، چونکە ژمارەی پێوانەیی شکاندوە لەفلان یاری دا یا لەفلان ڕێگادا، والەئافرەتی موسڵمان دەکەن گومان ببات کە ئەمە ڕاستەو دەبێت بە دوای بکەوێت ئەویش وای لێ دێت تەمەناو هیوا دەخوازێت کەوەکو ئەو بێت ئیتر یا خۆی بەوی دەچوێنێت.

١٠-لەپیس ترین شێوازەکانیان ، پەل کێش کردنی کچان بە تایبەتی کچانی زیرەكو لێهاتوو بۆ نواندنو کارکردن لەئێزگەو تەلەفزیۆنەکان بە تایبەت ئەگەر هاتو ئەو کچانە حەزیان لەناوبانگ بێت.

١١-لەشێوازەکانیان پەروەردەکردنی کچانی بچوك لەسەر سەماکردنو مۆسیقاو گۆرانی گوتن لەڕێی قوتابخانەکانو ناوەندەکانو پاشان بەدەرخستنیان لەدەزگا ڕاگەیاندنەکان، دەبینرێ منداڵان لەتەمەنی گوڵدان دەردەچن بۆ سەماکردنو گۆرانی گوتن خۆیان دەجولێنن و

جوانترین و ڕووتترین جلکیان لەبەردا کردوون دەبێ حالی ئەم کچانە چۆن بێت کاتێ گەورە دەبن دەڵێن گوایە دەبنە گۆرانی بێژ یا ئەکتەرێکی باش یا ئەستێرەیەك لەداهاتودا.

١٢-ڕێگایەکی تری ترسناك بە ناوی گیانی وەرزشیو چارەسەری سروشتی چەندین یانەو ناوەندیان کردۆتەوە بۆ ئافرەتان ناشرانن چەندین نەخۆشی بەدوای خۆیدا دەهێنێ کە تێیدا یاری دەکەن بەرانبەر پارەیەکی دیاری کراو، بە مەهانەی دیتنەوەی ڕێگایەکی نوێ تاکو ئافرەتان کاتەکانیان بەسەر ببەن و پارێزگاری لەجەستەی خۆیان بکەن کە ئەمەش ئافرەتان دووردەخاتەوە لەشتە گرنگەکان (دایکایەتی و ناو ماڵ) ئینجا دورخستنەوەیان لەئاینەکەیان پاشان چەندین شتی ناشەرعی لەم ناوەندەدا دەکرێت لەمانە:

أ-بڵاوبونەوەی جلو بەرگی ناشەرعی چونکە مەرجن ئەم جلکانە لەو شوێنانە.

ب-هەستانی هەندێك ناوەند بە دامەزراندنی پزیشکی پیاو کە دەبێت ئەوانەی ڕاهێنان دەکەن بچنە لای ئەو پزیشکانە.

ج-بڵاوبونەوەی مۆسیقای ڕۆژئاوایی لەکاتی یاریەکاندا .

د-دانانی حەمامو ساونای بەکۆمەڵ تێیاندا کە ئافرەت بە جلکی ژێرەوە کۆدەبنەوە.

١٤- بڵاوکردنەوەی باخچەو چێشتخانەی تێکەڵە، کە چەندەها زیانی بەدوای خۆیدا دەهێنێ لەوانە گەنجی کوڕو کچ لەوێ بەیەك دەگەنو

یەکتروەکردنی بوك و زاوا، راستی ئێمە هەرزانیومانە خواردن بەدەم منالْ دەکرێ پاشان لەبەر چاوی کوڕان و کچانی لاوو نامەحرەم کەئەمە دەبێتە هۆی و وروژاندنی ئارەزووە جنسیەکان لەومەراسیمو ئاهەنگەدا ئەمە چوونەسەر دینی گاورو جوولەکانە چونکە ئەمە عادەتو نەریتی ئەوانە، هەروەکو پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرمووێ: من تشبه بقوم فهو منهم . واتە هەر کەسێك خۆی بەگەلێکی تر بچوێنێ ئەوا لەوانە.

١٦-شێوازی کۆتایی و کارەساتی گەورە فەیسبووك و ئەنترنێت، بێگومان فەیسبووك دووسەر، سەری خێرو سەری شەڕ جا کەسی ئیماندارو دەست بەدەستنوێژ لەکاتی پێویست بەکاری دینێ و لەسەری خێرەکەی سوود مەند دەبێ و بێ ئەوەی کاریگەری بکاتە

---

(١) پوختم کردووەتەوە لە نامیلکەی (أساليب العلمانيين في تغريب المرأة المسلمة – الشيخ بشر بن البشر)

لەکۆتاییدا

ئافرەتانی فەدرگران و لێرەوە زیاتر هەوڵبدە خۆت لەقورئانی پیرۆزو فەرموودە شیرینەکانی پێغەمبەر (ﷺ) شارەزابکەو خۆت فێری بیرو باوەڕو خوو رەوشتی ئافرەتە سەحابیەکان بکەو دەست بگرە بەشەریعەتە پاکەکەی ئیسلام ئەو کات تێکڕای ژیانت کامەرانی و ئاسوودەیی و بەختەوەری دەبێ و عەلمانی و ئەلقە لەگوێکانی گاورو جوولەکە ناتوانن لەرێگا لاتبدەن و تەغریب و تەبەروجت پێ بکەن و بتخەنە تەڵەی شەیتان و شەرم و شکۆت بڕێژن و هەوا ئارەزووی چاوە برسیەکانی خۆیان پێت تێربکەن و بتکەنە کالایەك و لەبازار لەگەڵ کالاکانی تر بتفرۆشن.

ئەمەش بزانە پێناسەت لەئیسلامدا ئەوەیە تۆ ئافرەتێکی موسڵمانی راستگۆی بەشەرم و حەیاو دڵسۆزو ئارامگرو پاك داوێن و لەخواترسی وەکو خوشکانی پێشین مریم و ئاسیەو دایکە خەدیجەو عائیشەو خەنساو.. خودا لەهەموویان رازی بێ چاوەڕێتان لەبەهەشت.

وصلی الله علی محمد وعلی آله وصحبه أجمعین.

سەر خواپەرستیو رەوشتی، بەلام کەسی نەزانو نەشارەزا لەدین بەبێ پێویست دەپانکاتەوەو ئینجا دەچێتە قولایی لیبێژکانی سەرەنجام کارو پیشەی لەسەردادەنێ نوێژو خواپەرستی لەدەست دەداو رەوشتی دەگۆڕێ لەولتەیە چەندین تاوانی پێ ئەنجام بداو ژیانی پێچەوانە دەبێتەوە، .زەند کەئێستا زۆربەی بەکارهێنەرەکانی ئەمە حالیانە، ولێ تاوانیش ئەمەی دەوێ لەموسڵمانان لەئایینەکەیان دووریان بخاتەوەو تێکەڵی ئەم رێنگاوەیان بکاتو لەم گوناهـو تاوانانە بگێنو سەرخۆش بن پێیەوە.